گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# وەرگرتنی وشە لە زمانی تورکییەوە بۆ ناوزمانی کوردی

**پ.ی.د. رۆژان نوری عبدالله**

بەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

rozhan.noori@koyauniversity.org

**م.ی. فراس تحسین صابر**

بەشی کارگێری و ژمێریاری، فاکەڵتی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

firas.tahsin@koyauniversity.org

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/١/١٨

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٣/٣٠

بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**

Language, Word, Dictionary, Receive the word, and Turkish words.

**Doi:**

10.25212/lfu.qzj.7.4.1

## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەناونیشانی (وەرگرتنی وشە لە زمانی تورکییەوە بۆناو زمانی کوردی)یە، کە هەوڵدانێکە، بۆ ڕونکردنەوە ودەرخستنی ژمارەیەك وشە، کە لە زمانی کوردیدا هەن و بنچینەکەیان بۆ زمانی تورکی دەگەڕێتەوە، هەوڵ دەدەین وەڵامی چەند پرسیارێك بدەینەوە، وەك: زمانی کوردی چۆن و بە کام ڕێگای وەرگرتنی وشە، سودی لەمانە وەرگرتووە، ئایا وشەکان، وەك خۆیان وەرگیراون، یان لە ڕوی دەنگ و مۆرفیم و واتاوە گۆڕانیان بەسەرداهاتووە؟ ئەو هۆکارانە چین، کە وایان کردووە، زمانی کوردی وشە لە زمانی تورکییەوە وەربگرێت و لە فەرهەنگی زمانەکەیدا، بەکاریبهێنێت؟ بەو پێیەی کە زمانی کوردی و تورکی سەر بەیەك گروپ و خێزانی زمانیی نین و پەیوەندی خزمایەتییان لەنێواندا نییە، بەڵام چەند هۆکارێکی دی ، وەك: هۆکاری دراوسێیەتی و ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی و زانستی...هتد، وایکردووە کە ئەم دوو زمانە بەریەککەوتنیان هەبێت و وشە لە یەکترییەوە وەربگرن، کە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، تەنیا تیشك دەخەینە سەر ئەو وشانەی کە لە تورکییەوە کەوتونەتە ناو زمانی کوردییەوە، نەك پێچەوانەکەی، هەوڵمان داوە، بنجەکانیان ڕون بکەینەوە و پێکهاتەی مۆرفۆلۆجییان شیبکەینەوە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەو مەبەستەی پتر شارەزایی لە بارەی فەرهەنگی زمانەکەمانەوە پەیدا بکەین و شەی کوردی پەتی و وشەی وەرگیراو و زاراوەی جیهانی جیابکەینەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. بەشی یەکەم، تایبەتە بە پێناسە و چەمکی زمان و تایبەتمەندییەکانی زمان و بنەماڵەی هیندۆ ئەوروپی وخێزانە زمانی هیندۆئێرانی، لەبەشی دووەمدا، پێناسەی وشە و شێواز و ڕێگاکان و هۆکارەکانی وەرگرتنی وشە خراوەتەڕو، بەشی سێیەمیش، تایبەتە بە لایەنی پراکتیکی وەرگرتنی وشەی تورکی لە زمانی کوردیدا، باسی هۆکارەکانی وەرگرتنی وشەمان لە زمانی تورکییەوە بۆ زمانی کوردی کردووە، دواتر ئەنجام و لیستی سەرچاوەکانمان خستۆتە ڕو.

## پێشەکی

### 1.ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی (وەرگرتنی وشە لە زمانی تورکییەوە بۆناو زمانی کوردی) یە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە توێژینەوەکە بۆ خستنەڕوی دیاردەی قەرزکردن و وەرگرتنی وشە لە زمانی تورکییەوە بۆ زمانی کوردی تەرخانکراوە. بەمەبەستی پتر شارەزابوون و ناسینی ڕیشەی وشەکانی زمانەکەمان.

### ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە ئەم ئامانجانەی هەیە:

1 ـ ناساندنی ئەو وشانەی کە لە ئاخاوتنی کوردیدا بەکاردێن و بنجەکانیان زمانی تورکییە، بەو پێیە، ئامانجمان لەم لێکۆڵینەوەیەدا، تەنیا دەرخستنی ئەو وشانەیە، کە لە بنچینەدا تورکین و هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی پتر شارەزاییمان لەبارەی فەرهەنگی زمانەکەمانەوە هەبێت و ئاشنای ئەو وشانە بین، کە لە بنچینەدا کوردی نین و لە زمانەکانی ترەوە وەرمانگرتوون، کە یەکێك لەو زمانانە، زمانی تورکییە. هەروەك چۆن زمانی تورکیش، سودی لە فەرهەنگی زمانی کوردی وەرگرتووە و وشەی لێوە قەرزکردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2 ـ دەمانەوێت، ڕونی بکەینەوە ئەو هۆکارانە چین، کە بونەتە هۆی ئەوەی وشەی تورکی بێتە ناو زمانی کوردییەوە و زمانی کوردی لەم ڕوانگەیەوە، پتر سودی لە کام ڕێبازی قەرزکردنی وشە لە زمانی تورکییەوە، وەرگرتووە.

3 ـ هەوڵبدەین لە داهاتودا، وەك زمانە پێشکەوتووەکان، فەرهەنگێك ئامادە بکەین، کە تێیدا بەپێی سیستەمێکی ئاماریی، ڕێژەی ئەو وشانەی کە لە بنچینەدا کوردین و ئەوانەی کە لە زمانەکانی ترەوە وەرگیراون بخەینەڕو، ڕون بکەینەوە.

ڕێباز و کەرستەی لێکۆڵینەوەکە: ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە، ڕێبازێکی وەسفی شیکارییە. کەرستەی لێکۆڵینەوەکەش، بریتییە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی و بەراوردکردنی ئەو وشانەی کە هەست دەکەین ڕیشەکانیان کوردی نین، لەگەڵ فەرهەنگی زمانی تورکیدا.

**سنوری لێکۆڵینەوەکە**: سنوری لێکۆڵینەوەکە ، زاری کوردی ناوەندییە.

## 2. پرسیارەکانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە، وەڵامی چەند پرسیارێك دەداتەوە، وەك:

1 ـ ڕونکردنەوەی چەمك و پێناسەی وەرگرتن و قەرزکردنی وشە، هەروەها بۆچی زمانەکان وشە لە یەکترییەوە وەردەگرن؟

2 ـ هۆکاری هاتنە ناوەوەی وشەی تورکی بۆ ناو زمانی کوردی چییە؟

3 ـ ئایا هەبوونی وشەی تورکی لە زمانی کوردیدا، سود بە فەرهەنگی زمانەکەمان دەگەیەنێت، یان زیانی پێدەگەیەنێت؟

## 3. پلان و ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکییەك و سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت، کە ئەمانەن: بەشی یەکەم، تایبەتە بە پێناسە و چەمکی زمان و تایبەتمەندییەکانی زمان و بنەماڵەی هیندۆ ئەورووپی و خێزانە زمانی هیندۆئێرانی، لەبەشی دووەمدا، پێناسەی وشە و شێواز و ڕێگاکان و هۆکارەکانی وەرگرتنی وشە خراوەتەڕو، بەشی سێیەمیش، تایبەتە بە لایەنی پراکتیکی وەرگرتنی وشەی تورکی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زمانی کوردیدا، سەرەتا، باسی هۆکارەکانی وەرگرتنی وشەمان لە زمانی تورکییەوە بۆ زمانی کوردی کردووە، دواتر ئەنجام و لیستی سەرچاوەکانمان خستۆتە ڕو.

## بەشی یەکەم:

### 1. چەمك و پێناسینی زمان:

زمان بەشێکی گرنگی ڕۆشنبیرییە، کە بەهۆیەوە شێوەکانی دیکەی ڕۆشنبیری کۆدەکرێنەوە و تۆماردەکرێن و پێدەگەیەنرێن و پێشدەخرێن، بەهۆی زمانەوە بیر بە وتن و بە نوسین دەردەبڕدرێت، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە، لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەکانی دیکە و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمانی دیکە دەگوازرێتەوە.

زمان، وەك بیر لەسەرەتاوە هێندە فراوان نەبووە و فەرهەنگەکەی بە تێپەڕبونی کات بەپێزتر و دەوڵەمەندتر بووە، لەگەڵ پەرەسەند و گەشانەوەی زانیاری و دامەزراندنی شارستانیەتی، زمانیش پەرەی سەندووە، گەیشتنی زمان بەو ئاستەی ئێستای، ئەنجامی پێگەیشتنی ژیری مرۆڤ و ئامرازی گوتنەکەیەتی، پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆجیا و فراوانبونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دەبێتە هۆی کارتێکردنی زمانەکانی جیهان لەسەر یەکتری و وەرگرتنی وشە و زاراوە لە یەکترییەوە، هەروەها پێشکەوتنی باری ئابوریش هۆکارێکی تری بەریەککەوتن و ئاوێتەبونی زمانەکان و کارلەیەککردنیانە، زمان شێوازە بۆ دەربڕینی بیر و ڕاو ویست و ئارەزوو، ناونان و ناساندن و لێدوان، بانگکردن، ڕاگەیاندن...تد(تاهیر، 2018، 8ـ9).

لەگەڵ بەرەو پێشچونی کات و سەردەم، سەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆڤ دەگۆڕین، هەر لە بارە کۆمەڵایەتییەکانەوە، تا دەگاتە باری ڕۆشنبیری و ڕامیاری و ئابوری، بوارەکانی تریش، کە هەموو ئەمانە لە زماندا ڕەنگ دەدەنەوە و دەیخەنە ژێر کاریگەری گۆڕانەوە، سنوری زمانی نەتەوایەتی سنوری ڕۆشنبیری نەتەوایەتییە، کە لە کشان و پەرەسەندن دایە، زمان وەستاو نەبووە و نابێت، لەچێوەی قەبارە و مۆرکی کۆنی نامێنێتەوە، نەتەوە هەردەم پێویستی بە وشە و زاراوەی نوێ هەیە، چەند زمان زیندو بێت، ئەوەندە وشە و زاراوەکانی ڕون و ئاشکرا دەبن،

لە ئاستی وشەسازیدا ، بەردەوام وشەی نوێ لەدایك دەبێت و وشەش بەرە و سستبون و لەناوچون دەڕوات، زمانی کوردی وەك هەر زمانێکی دیکە، بە بەردەوامی وشەی وەرگرتووە و وشەشی بەخشیوە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەكێك لەو زمانانەی کە زمانی کوردی وشەی لێ وەرگرتووە، زمانی تورکییە، کە بەدرێژایی مێژو، بەهۆی زۆر هۆکارەوە، ئەم دوو زمانە بەریەککەوتون و کاریگەرییان لەسەریەکترییەوە هەبووە، گرنگی دان بە فەرهەنگی وشەکانی زمان و ناسنییان و زانینی ڕیشە و ڕەچەڵەکییان، گرنگی دانە، بە نەتەوە و مێژو و ناسنامەی تاکی کورد، هەر لەم ڕوانگەیەوە، پێویستە هەوڵی دانانی فەرهەنگێك بۆ زمانی کوردی بدەین، کە تێیدا، ڕەگ و ڕیشەی وشەکان بخەینەڕو و شیان بکەینەوە.

فێردیناند دی سۆسێر دەڵێت: ((زمان بەرهەمی کۆمەڵایەتی هاوزمانانە و کۆمەڵە ئاکارێکی زۆر پێویستە، کە کۆمەڵ دایهێناوە، بۆئەوەی لە بەکارهێناندا یارمەتی تاکەکانی بدات))( فردیناند دی سوسێر، 1988، 27)

ساپیر دەڵێت: ((زمان هۆیەکی نا غەریزی تایبەتە بە مرۆڤ، بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت، بەهۆی ڕەمزی لەسەر یاسا ڕۆیشتووە و کاردەکات و لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە)) (فەتاح،1990، 5)

زمانەوانی نوێ، بەم شێوەیە پێناسەی زمان دەکات (زمان سیستەمێکی دەنگییە، لە ڕەمزی دانانیی(زاراوەیی) پێکهاتووە وکۆمەڵێکی دیاریکراو بۆ ئاڵوگۆڕکردنی هەست و بیرەکانیان بەکاریدەهێنن.(الخطیب، 2006، 9).

لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە، ((زمان کۆمەڵە شێوازێکی جیاوازە، هەریەکەیان بۆ بارێکی تایبەتی دەست دەدات)) (فەتاح، 1990، ٥).

محەمەد شەفیق دەڵێت: (زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو هۆکارێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی تێکەڵبوونی نێوان مرۆڤەکان) (غربال، 1980، 157).

### 1.2. بنەماڵەی هیندۆئەورویی:

زمانە هیندۆئەوروپاییەکان، بە گرنگترین بنەماڵە دادەندرێت، چونکە قسەپێکەری لە هەموو بنەماڵەکانی تر زۆرترە، زۆرترینی دانیشتوانی کیشوەری ئەوروپا و بانیی ئێران، ئاسیای ناوەڕاست و نیمچە کیشوەری هیند، لە ڕیزی زمانە هیندۆئەوروپییەکان دادەندرێن و قسەی پێدەکەن، زۆرینەی زمانەکانی ئەوروپا و باکوری هیندستان لەخۆی دەگرێت، بۆ شوێنی سەرەتاییان، مێژونوسان، سێ شوێن دەستنیشان دەکەن (سەروی ئەڵمانیا، دۆڵی دانوب واتە: دەشتەکانی هەنگاریا، سەروی دەریای ڕەش، واتە: دەشتەکانی ئۆکرانیا، مێژونوسان، پتر شوێنی سێیەم پەسەند دەکەن، ولیەم جۆنزی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆژهەڵاتناس لە سەدەی هەژدەیەمدا، تیۆری زمانە هیندۆ ئەوروپاییەکانی پێشکەشکرد و خستییە بەر باس و لێکۆڵینەوە، کاتێك لە ئەنجامی توێژینەوەدا ئاماژەی بەو لێکچونە بەهێز و پتەوە کرد، کە لەنێوان زمانەکانی سانسکریتی و یۆنانی و لاتینیدا هەیە، ئەوەی دەرخست کە ئەم زمانانە لەیەك بنج و ڕەچەڵەکەوە هاتوون و پەیوەندییەکی خزمایەتیی پتەو لەنێوانیاندا هەیە.

زمانە هیندۆئەوروپییەکان، ئەو بنەماڵانە دەگرێتەوە:

1 ـ هیندۆئاری، کە لە دو بنەماڵەی سەرەکی پێکدێت:

أـ زمانە هیندییەکان.

ب ـ زمانە ئارییەکان.

2 ـ زمانی ئەرمەنی.

3 ـ زمانی ئەڵمانی.

4 ـ گریکی کۆن.

5ـ زمانە ئیتاڵییەکان

6 ـ کێلتی.

7 ـ زمانە جێرمانییەکان.

8 ــ بەڵتیکی و سلاڤی )،(دزەیی، 2011، 19).

## 2.4. خێزانە زمانی هیندۆ ئێرانی:

زمانە ئێرانییەکان، لقێکی بنەماڵەی زمانە هیندۆ ئەوروپاییەکانن، کە لە گەلێك هۆز و نەتەوە پێکهاتوون، لە نشتمانە کۆنەکەی خۆیاندا، بە درێژایی دەشتەکانی خۆرهەڵات و باکوری خۆرهەڵاتی دەریای قەزوین نیشتەجێبون و ئارامیان گرتووە، لە هەزارەی سێیەمی پێشی زایین بە ناچاری کۆچیان کردووە و بۆ سەرزەمینی باشوری ئاسیا، تا باکوری ئەوروپا ڕۆیشتون. واتە: بەشێکیان بەرە و ڕۆژئاوا ڕێگەیان گرتەبەر و لە ڕوباری دانوب پەڕینەوە و گەیشتنە نیمچە دورگەی بەڵقان و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، بەشێکی تریان ڕویان کردە باشوری خۆرهەڵات، گەیشتنە سنورەکانی هیندستان و لە هەرێمەکانی سەند و پەنجئابدا جێگەی خۆیان گرت، کە ئارییەکانی باشوری ئاسیان و ئەمڕۆ بە زمانە جۆربەجۆرەکانی هیندی دەدوێن، کە لە زمانەکانی هیندۆ ــ ئێرانی باشوری ئاسیان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵام بەشی سێیەمیان ڕویانکردە ئاسیای بچوك و چیاکانی زاگرۆس و لە ئێران و کوردستاندا تەشەنەیان کرد. (حەمەخورشید، 1985، 16).

کەواتە، زمانی هیندۆ- ئەوروپایی، کۆمەڵەیەکی زۆر زمانی سەرەکی و کۆمەڵە لقێك زمانی جۆرا و جۆری تێدا هەیە، کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد.

زانایان بۆ دەستەی زمانە ئێرانییەکان، سێ قۆناغی مێژوییان دیاریکردووە:، 1 ـ دەورەی کۆن. 2ـ دەورەی ناوەند. 3 ـ دەورەی نوێ، گروپە زمانەکانی هیندۆ ئێرانی بۆ دوو لق دابەشبوون، ئێرانی و هیندی، زمانە ئێرانییەکان، بریتین لە: ئوستایی، فارسی کۆن، سکایی (ئەمڕۆ بونی نییە)، ئوستی (لە قەفقاز)، پەهلەوی، فارسی، پەشتو (لە ئەفغانستان)، تاجیکی، کوردی و بلوچی. کۆمەڵەی هیندی بریتین لە: سانسکریتی، هیندی، ئوردو، بەنگالی، گجراتی، سیلانی و نیپالی(صابر، محمود، 2018، 455). دەکرێت، کۆمەڵەی ئێرانییەکان بکەین بەسێ بەشەوە:

1 ـ زمانە ئێرانییەکانی باکوری.

2 ـ زمانە ئێرانییەکانی باشوری.

3 ـ زمانە ئێرانییەکانی خۆرهەڵات.

زمانی کوردی سەر بە بنجی یەکەمیانە و زمانی فارسی دەچێتەوە سەر بنجی دووەمیان(حەمە خورشید، 1985،22 ).

بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت، کە زمانە ئێرانییەکان بە یەکێك لە لقە گەورە و گرنگەکانی خێزانی زمانە هیندۆ ـ ئێرانییەکان دادەندرێت، لەو بارەیەوە ((دیاکۆنۆف)) دەڵێت: ((زمانەکانی ئێرانی))، ناوێکە بۆ دەستەیەك لە زمانانی هیندۆ ئەوروپایی ـ کە زمانانی: ئۆسیتیی، ئەفغانی، تاجیکیی، کوردی، تاتیی، تالشیی و...تد و لە زمانانی کۆن ئاوێستایی و سوغدیی و خوارەزمیی و ئێسکێتیی و گەلێکی تر دەگرێتەوە)،(عەزیز، 2005، 24 ـ 25 ).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی دووەم:

## 2.باسێکی گشتی وشە و فەرهەنگی زمان:

### 2.1پێناسەی وشە:

وشە، وەك دانەیەکی گرنگ و سەرەکی زمان لە دێر زەمانەوە سەرنجی زانایان و زمانەوانانی لە جیهاندا ڕاکێشاوە، کە لەسەر بناغەی بیروبۆچونی هەمەچەشنە و هەمەلایەنە بەردەوام هەوڵدراوە و بە وردی لێی کۆڵدراوەتەوە، تاوەکو ئەمڕۆ هەنگاوی گەورەی بۆ نراوە، زۆر کاری زانستی پڕ بەهاو بەسودی لەبارەوە کراوە، بەرهەمی دیار و سەرکەوتویی لێکیوتۆتەوە.

ئەم کەرەسە زمانییە، بنجێکی پتەو و قوڵی هەیە و بە درێژایی مێژودا دەچێتە خوارەوە و زادەی بەرهەمی تاقیکردنەوەی یەك لە دوای یەکی عەقڵ و هۆش و بیری مرۆڤە و بەلایەنی دەرونی ئەوەوە توند گرێ دراوە.

لەگەڵ ئەوەدا، زمانەوانان، بەگشتی کۆکن لەسەرئەوەی، کە وشە دانەیەکی سەرەکی و گرنگی زمانە، بەڵام لە پێناسەکردن و دیاریکردن و نیشانە و تایبەتێتییەکانیدا یەکناگرنەوە و تێڕوانین و بیروبۆچونی جیاوازییان لەم بارەیەوە هەیە، لێرەدا هەندێك تێڕوانین و بیروبۆچونی زمانەوانان لەبارەی ئەم دانە گرنگەی زمانەوە دەخەینە ڕو:

( سۆسێر دەڵێت: (وشە دانەیەکە بەردەوام لە مێشکدا، وەك شتێك سەنتەری ئامێری زمانی داگیرکردووە)

ڤینۆگرادۆڤ نوسیویەتی: (بە وشە، ناو لە شتی کۆنکرێتی و چەمکی ئەبستراکی، دەنرێت، هەڵچون و پەستبون و ئیرادە و ئارەزوی مرۆڤ و کەتیگۆڕییە گشتییەکانی پەیوەندییە ژیانییەکان، دەردەبڕێت).

بۆداگۆڤ دەڵێت: (وشە گرنگترین کەتیگۆڕی زمانییە، کاتێك قسە لە زمان دەکرێت، پێش هەموو شتێك وشە بە بیردا دێتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە زمان لە وشە پێکهاتووە، بەویش شیتەڵ دەکرێتەوە و لە ئەنجامی پرۆسەی کارلێکردنی وشە، فەرمولەش دەبێت.

پێناسەکردنی وشە، تەنیا لەو بارودۆخەدا دەبێت، کە ڕەنگدانەوەیەکی سروشتیی هەمو نیشانە بنەڕەتی و جیاکەرەوەکانی وشەی تێدا بێت و جیای بکاتەوە لەگەڵ دانە زمانەوانییەکانی تر.

بەرانئکۆڤا، بەم شێوەیە ڕوانیویەتییە وشە و پێناسەی کردووە:

وشە وەك گرنگترین دانەی زمان هەڵسوکەوت دەکات، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە سەرەکیترین ئێلێمنتی ستراکچەری زمانیی تێیدا یەکیان گرتووە، لە وشەدا، لایەنی دەنگیی، گراماتیکیی، لێکسیکی، دەتوانرێت جیابکرێتەوە، دیارە ئەو لایەنانە پێکەوە لە یەکێتیدان، وشە بێ فەرمولەکردنی مادی (دەنگ) نابێت، بێ گراماتیکیش هەر نابێت، واتە، وشە نابێت، نیشانەی گراماتیکیی کە تایبەتە بە گروپێکی دیاریکراوەوە نەبیێت، (بۆنمونە: نیشانەی ناو، بریتییە لە ڕەگەز، ژمارە، کەیس).
سەرەکیترین و بنجیترین نیشانەی وشە، وەك دانەیەکی زمانەوانیی بە تێکڕایی (بەپێی سەرجەم تایبەتێتییەکانی تەنیا وشە نمونەییەکان) بریتین لە:
(شێوەی فۆنەتیکیی، هاوسەنگیی واتایی، کەرت نەکردن و نەبڕینی، قبوڵ نەکردنی دو سترێس، بەستنەوەی بە تایبەتێتی و گراماتیکیی و لێکسیکییەوە، دەنگ و واتای بەردەوام، دوبارەکردنەوە، یەکپارچەیی و یەکفۆرموڵەیی، بۆ یەکگرتن لەگەڵ وشەی تردا، زیاتر بەکاربێت، سەربەخۆیی، ناولێنان، بە ئیدیۆم بون )،(سدیق، 2011، 13ـ20).

### 2.2. چەمك و پێناسەی فەرهەنگ:

هەموو زمانێك هێندە کەرەستە دەخاتە بەردەم قسەپێکەرانییەوە، تاوەکو بتوانن، بەپێی کات و سەردەم، لە دەوروبەری خۆیان پێی بدوێن، بەڵام زمانیش وەك ژیان، بە بەردەوامی لە فراوانبون دایە و وشە و دەربڕینەکان، وشە و دەربڕینی تریان لێ دەکەوێتەوە، پێویستییەکان، وامان لێ دەکەن، ناوی نوێ و دەربڕینی نوێمان هەبێت.
بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان، پێویستمان بە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەی هەیە، ئەویش بەهۆی پەیوەندییەکی بەتین و گرینگ لەنێوان فەرهەنگ و زماندا، بەکۆی دانەکانی فەرهەنگ دەگوترێت زمان، بەڵام ناتوانین بەکۆی دانەکانی زمان بڵێین فەرهەنگ، چونکە زمان فراوانترە لە فەرهەنگ.
فەرهەنگی هەمو زمانێکیش، لە فەرهەنگی بنەڕەتی و نا بنەڕەتی پێکدێت.
لە فەرهەنگی گشتی زمانی کوردیدا، جگە لە وشەی کوردی پەتی و ئەو وشانەی کە لەبنچینەدا، کوردین و تایبەتن بە زمانی کوردییەوە، چینێکی دیکەش لە وشە هەیە، کە لە زمانەکانی دیکەوە وەرگیراون و قسەپێکەرانی زمانی کوردی بەکاریان هێناون، کە ئەگەر بەپێی پێویستی زمانەکەمان بێت، ئەوا، سود بە فەرهەنگەکەی دەگەیەنن و دەوڵەمەندی دەکەن، ئەم وشانە، دەچنە ناو بواری فەرهەنگسازییەوە و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە بواری فەرهەنگنوسیی زمانی کوردیشدا، تۆمار دەکرێن، بۆیە لێرەدا، بەکورتی ئاماژە بە بواری فەرهەنگ و فەرهەنگسازی دەکەین:

چەند پێناسەیەك بۆ فەرهەنگ کراوە، لێرەدا هەندێکیان دەخەینە ڕو:

ــ فەرهەنگ، ئەو کتێبەیە کە وشەی تێدا تۆماردەکرێت. جگە لە ڕیزکردنی وشە، هەروەها لێی کۆڵراوەتەوە و مانای ڕونکراوەتەوە و لێکدراوەتەوە و شیکراوەتەوە و زانیاری لەبارەی چۆنیەتی نوسینیان و بەدەمەوەهاتنیان و پەیدابوونیان دراوە(مارف، 1975، 69).

ــ ((فەرهەنگ کتێبێکە، لە دوو توێیدا کۆمەڵێك وشە لەخۆوە دەگرێ، کە ڕێکخراون بە شێوازێکی دیاریکراو، بەجۆرێك ڕاڤە کراون کە لێڵییەکەیان لەسەر لادەچێت، سەرەڕای ئەمە زانیاری گونجاوی وای تێدایە، کە یارمەتی لێکۆڵەر یان خوێنەر دەدات، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی))(مراد، 2021، 19).

ـ (فەرهەنگ: سەرچاوەیەکی زمانییە، کە دەروازە و شیکردنەوەی تێدایە، دەشێ فەرهەنگ مێژویی، وەسفی، پێوانەیی، گشتی یان تایبەتی بێت، هەروەها تاك زمان، جوت زمان یان چەند زمانی بێت)،(الخولی، 1986، 32).

ــ ((فەرهەنگ جۆرێکە لە جۆرەکانی سەرچاوەی بنەڕەتی، واتە ئەو سەرچاوەیەیە یان کتێبەیە، کە زانیاری تایبەتی تێدا تۆمار دەکرێت دەربارەی وشەکانی زمان و واتاکانیان. بابەتەکانی بەگوێرەی ئەلفوبێی زمانەکە ڕێکدەخرێت، بۆئەوەی ئەو زانیارییانەی کە تێیدا تۆمارکراون بە ئاسانی دەست بکەون))،( تالیب حوسێن، 2001، 183).

بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت، کە فەرهەنگ تۆمارگەیەکە بۆ تۆمارکردنی وشەکانی زمان و گەنجینە و کۆگای زمانە و کەرەستەکانی زمانی تێدا دەپارێزرێت وبەپێی ئەلف و بێی فەرهەنگی زمانەکە ڕیزدەکرێن. هەروەها دەبێت لە فەرهەنگدا، زانیاری زمانەوانی، وەك دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی...هتد بخرێتە ڕو، لەگەڵ پێدانی زانیاری لەبارەی سەرچاوە و ڕەچەڵەکی وشەکان و لایەنی ئیتیمۆلۆجی وشە و ڕەچاوکردنی لایەنی هونەریی.

فەرهەنگسازی: فەرهەنگسازی پرۆسەیەکی مەعریفی، زانستی، هونەری و پیشەیی فرەبنەمایە، کە لە فەرهەنگی ئاوەزییەوە دەستپێدەکات و بۆ فەرهەنگی تۆمارکراو و بە ڕێڕەوەی پێچەوانەدا دەگەڕێتەوە (عوسمان، 2016، 10).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەرهەنگسازیش، وەك زۆربەی هەرە زۆری زانستەكانی تر، لە دوو لایەنی تیۆری و كارەكی (كردەكی) پێكدێت، فەرهەنگناسیی (لێكسیكۆلۆجی)، كە لایەنە تیۆریەكەیەتی، فەرهەنگنوسیی (لێكسیكۆگرافی)، كە لایەنە پراكتیكییەكەیەتی، ئەم دوو لایەنەی فەرهەنگسازیش كۆمەڵێك بابەتی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، لەوانە: (مێژوی فەرهەنگسازی، تیۆری گشتی فەرهەنگسازی، ڕەخنەی فەرهەنگی...هتد). كەواتە فەرهەنگسازی وەك زانست دەبێتە دوو لقەوە:

1 ـ فەرهەنگناسی (لێكسیكۆلۆجی ـ علم المعجم)

2 ــ فەرهەنگنوسیی (لێكسیكۆگرافی ـ علم صناعة المعجم)، (شێخ تەیب، 2021، 15).

كاری فەرهەنگنوسیی لەناو كورددا بەهۆكاری دڵسۆزییەوە سەری هەڵداوە، خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی كورد ڕویان لەم بوارە كردووە، بۆ پاراستنی وشە و زاراوەی كوردی، ئێمەی كورد لە ڕوی چەندیەتییەوە فەرهەنگمان زۆرە بەڵام پێویستمان بەوەیە لە ڕوی چۆنییەتییەوە فەرهەنگی كوردی ڕێكبخرێتەوە و بەرەوپێش ببردرێت بۆیە پێویستمان بە كاری بەكۆمەڵ بە دەزگایەكی فەرهەنگنوسییە بۆ دانانی فەرهەنگ، لەگەڵ سەرنجدان بەكارەكانی فەرهەنگە و سەردەمییەكان و گونجاندنیان لەگەڵ زمان و فەرهەنگی كوردی.

كاركردن لە بواری فەرهەنگنوسیدا چ دارِشتن بێ یان چاپكردنی بێت، كارێكی یەكجار وردە، بۆیە ئەوانەی ڕو لەو كارە دەكەن، دەبێت ئارەزوو سەلیقەیەكی باشیان لێی هەبێت، جگە لەمە زانیاری و بەرچاو ڕونییەكی چاكیان لەم بوارەدا كۆكردبێتەوە، بەتایبەتی لە فەرهەنگە پێشكەوتووەكانی وەك (ئۆكسفۆرد، وێبستەر، لارۆس....)،(مراد، 2021، 11ـ12).

## 2.3. شێواز و ڕێگاكانی وەرگرتنی وشە:

وەرگرتنی وشە دیاردەیەكی زمانە و لە هەموو زمانێكدا ڕودەدات، هەموو زمانێك وشە وەردەگرێت و وشەش دەبەخشێت، هیچ زمانێك نییە، سودی لە زمانانی تر وەرنەگرتبێت و تەنیا بە وشە بنجییەكانی خۆی پێویستییەكانی پڕبكاتەوە، هەركەسێك زمانی كوردی بزانێت، دەتوانێت، لەم سەردەمەی ئێستادا، ئاماژە بە چەندین وشەی نوێ بكات، كە بیانین و لە زمانەكانی ترەوە وەرمانگرتووە، لەم قۆناغەدا، كە تێكرِای جیهان لە پێشكەوتندایە، زمان پێویستی بە وشەی نوێ دەبێت، تاوەكو بەرەو پێشتریش برِۆین، ڕۆژ بە ڕۆژ وشەی نوێ پەیدا دەبێت و بەشێكیش لە وشەكان بەرە و لەناوچوون دەڕۆن. بۆیە هیچ

زمانێك بێ کێشە نییە، لەبەرئەوەی هاوڕێژەیی لەنێوان چەمکە زانستییەکان و ئەو زاراوانەدا نییە، کە دەریان دەبڕن، زمانەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان، پەنا دەبەنە بەر چەند ڕێگا و ڕێبازێك کە یەکێکیان قەرزکردن و وەرگرتنی وشەیە لە زمانەکانی دیکەوە.

(زمان بەرانبەر بەو چەمك و واتایانەی کە بێ وەستان بەرەو ڕوی دەبنەوە و پێویستیان بە دەربڕینە، دوو ڕێگای سەرەکی دەگرێتەبەر:

یەکەم: پشت بەخۆبەستنە، کە ئەم ڕێچکانەی لێدەبێتەوە:

أـ فراوانکردنی سیمانتیکی وشەکانی خۆی بەکارهێنانەوەیان بە (میتافۆر).

گوڵ: ڕوەك (گوڵەکەم چاند).

گوڵ: کچێکی جوان و ناسك( گوڵەکەم چی دەکەیت؟).

ب ـ دوبارە سودوەرگرتن لە کەرەسە ئامادەکراوەکانی ناوخۆی و خستنەوەگەڕیان، ئەویش، بە پەڕاندنەوەیان لە کەرەسەی ئاستێکەوە بۆ یەکێکیتر وەك (بەلێکسیکبون) و (بەگراماتیکبون) ی کەرەسە زمانییەکان.

جـ ـ سازکردنی وشەی نوێ بەپێی ئەو دەستور و یاسا باوانەی کە بۆ ئەو مەبەستە کاریان پێکراوە.
تۆمارکردن ــ تۆمارگە.

دووەم: پشت بەستنە بە دەرەوە، ئەمیش، دەکرێت بە دو بەشەوە:

أـ قەرزکردن، یان وەرگرتن، یان خواستنی وشە و پێکهاتەکانی تر زمان، لە زمانە دور و نزیکەکان لێوەی.

ب ـ قەرزکردنی (بیر) و داڕشتنەوەیانە بە کەرەسەی زمانەکە خۆی، کە پێی دەوترێت وەرگێڕان.

سروشتی یەکەم ڕێگا خێرایی قبوڵ ناکات و خاوە، بۆیە زمان زیاتر پەنا دەباتە بەر دوەمیان کە (قەرزکردن)ە، چونکە لە ڕاستیدا، بەراورد بەیەکەم زیندوتر و چالاکترو بە بەرهەمترە)(سدیق، 2020، 3)

زمان بە وەرگرتن و بەخشینی وشە، دەبوژێتەوە و بواری قسەکەرانی لە داهێنانی نوێدا، بەپێزدەکات، گەنجینەی وشەکانی پێ دەوڵەمەند دەبێت و زمان لە فەوتان و لەناوچون ڕزگاردەکات، گەنجینەی دەوڵەمەندی وشە و زاراوەی زانستیی بەرزی لێ هەڵدەهێنجرێت و بەمەش، لە کاروانی زمانە پێشکەوتوەکانی جیهاندا بەجێ نامێنێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زمان بەگشتی و وشەش بەتایبەتی بەپێی گۆڕانی كات، گۆڕانی بەسەردا دێت، وشە مێژوی تایبەتی خۆی هەیە، هەندێك جار دەنگێك دەگۆڕێت، هەندێك جاریش بەشێوەیەك دەگۆڕێت، كە خەڵكی ئاسایی نەیناسنەوە، تەنیا ئەوانەی لە ئیتمۆلۆژیا كاردەكەن، دەتوانن ڕوونیبكەنەوە( تۆفیق، 2020، 51).

هەندێكجار، ((گۆڕانی زمان دەگەڕێتەوە بۆ كاری دوو زمان یان زیاتر لەسەر یەكتری. ئەوانەی فێری زمانێكی بێگانە دەبن دیارە بەر لەمەش زمانی دایكی خۆیان دەزانن. ئینجا یان زمانی دووەم بەتەواوی فێرنابن یان زمانەكەی خۆیان دەگۆڕێت))،(فەتاح،1990، 104).

وەرگرتن، واتە قەرزكردن و خواستنی زاراوە(فۆرم و واتا) لە زمانێكی بێگانەوە و بەكارهێنانی لە زمانێكی دیاریكراودا بۆ ماوەیەكی كاتیی، تا ئەو كاتەی لەلایەن شارەزایانەوە، فۆرمێكی بۆ سازدەكرێت، یان بۆ هەمیشە بەكاردەهێندرێت و تێكەڵی فەرهەنگی زمانەكە دەبێت، بەجۆرێك هەست بە بێگانەییشی نەكرێت، بەمەش فەرهەنگی وشەكانی زمان دەوڵەمەند دەبێت)،(عەبدولغەنی، 2019، 101).

بەشێوەیەكی گشتی دەتوانین، چەند شێواز و هۆكارێك بۆ وەرگرتنی وشە بخەینەڕو:

أ ـ بەهۆكاری پێویستیی وەرگرتنی وشە لە زمانانی ترەوە: لەم سەردەمەی ئێستادا، كە ژیان پێشكەوتووە و تێكەڵاویی و هات و چۆی نێوان مرۆڤ پتربووە، بۆیە زمانەكان پتر بەریەك دەكەون و كارلەیەكتری دەكەن، زمانیش بەپێی دەستوری تایبەتی خۆی گەشەدەكات و پەرەدەسەنێت، بۆیە ئاساییە، ئەگەر زمانەكانی گەلانی جیهان بەگشتی، زمانە نزیك و دراوسێییەكان بەتایبەتی كارلێكبكەن و وشە لەیەكدی وەربگرن و لەو بوارانەدا بەكاریبهێنن، كە پێویستن و بۆ فەرهەنگی زمانەكە سودیان لێ وەردەگیرێت (عەبدوڵلا، 2007، 140).

ب ـ پەیوەندی و بەیەكداچوونی فەرهەنگ و كۆمەڵگای جیاوازی مرۆڤایەتی: (هەركاتێك كە دوو نەتەوە یان دوو كۆمەڵەی زمانیی، بەهۆكاری جیاوازی مێژوویی، ڕامیاری، فەرهەنگی،...هتد، لەگەڵ یەكتری تێكەڵاوبن و بەیەكدی بگەن، ڕەگەزە زمانییەكان، لە یەكێكیانەوە بۆ ئەوەی تریان دەگوازرێتەوە، بە پێچەوانەشەوە.

ڕێگاكانی كە زمانەكان، دەتوانن بۆ وەرگرتنی وشە سودیان لێ وەربگرن و وشەی نوێ بهێننە بونەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1 ــ وشەی قەرزکراو: (Loan Word )، لەم ڕێگایەدا، وشەکە وەك خۆی وەردەگیرێت و گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نایەت، تەنانەت لە ڕوی دەنگیشەوە نزیك لەو زمانەوە کە لێی وەرگیراوە گۆ دەکرێت و لە زمانی دووەمدا سودی لێوەردەگیرێت، بۆ نمونە: وشەکانی (عەبا، حەج، کەریم...هتد)، کە لە زمانی عەرببیەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە، وەك خۆیان وەرگیراون و گۆڕانیان بەسەر دانەهاتووە.
2 ـ قەرزی وەرگێڕدراو ( Loan translation)، وەرگێڕان بریتییە لە وەرگرتن و گواستنەوەی وشەی بیانی بە واتاکەی، نەك بە بێژەکەی، واتا زمانی دووەم واتای وشەکە وەردەگرێت و بە فۆرم و بێژەیەکی تازە لە زمانەکەی خۆیدا بەکاری دەهێنێتەوە.
3 ـ دوبارە سود وەرگرتنەوە لە وشەی کۆن: لەم ڕێگایەدا، پێویستە بە ڕابردووی زماندا بچینەوە هەوڵبدەین سود لەو وشانە وەربگرین، کە ئەمڕۆ لە زماندا بەکارنایەن، دوبارە بیانگەڕێنینەوە ناو زمانەکە و واتای نوێیان پێ بدەین.
4 ـ وەرگێڕان و قەرزکردن بەیەکەوە: لەم ڕێگایەدا، بەشێك لە وشەکە وەردەگێڕدرێت و بەشەکەی دیکە، وەك خۆی وەردەگیرێت و بەکاردەهێندرێت، بۆ نمونە: لە وشەی (حەجکردن) دا، وشەی (حەج) لە زمانی عەرەبییەوە، وەرگیراوە، بەڵام وشەی (کردن) بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراوە.(ڕۆژگار، پخشان، 2018، 458).

**بەشی سێیەم:**

## 3. وشەی تورکی لە زمانی کوردیدا:

زمانی تورکی سەر بە خێزانی زمانی ئاڵتایە (تورکی، مەغۆلی، مانچو- تونگوز، کۆری و یابانی)، کە لەرۆژهەڵاتی ئەوروپاوە لە سیبیریاوە بەرەو رۆژهەڵاتی چین درێژدەبێتەوە، ئەوانەی کە بە زمانی دایک ئاخاوتنی پیدەکەن بە نزیکەی ١٥٥ ملیۆن هەژمار دەکرێن، لە خێزانێکی (30) جۆرە زار پێکهاتووە. زۆرترین بەش کە ئاخاوتنی پێدەکرێت شێوەی تورکی تورکیایە. (ئەکار، 2016، 18-19).
یەکێك لە هۆکارەکانی، هاتنە ناوەوەی وشەی تورکی بۆناو زمانی کوردی، ئەو داگیرکاریەیە، کە تورکەکان هاتونەتە کوردستان و بەو هۆیەوە تێکەڵاوبوون ڕویداوە و وشەی تورکی لە زمانی تورکییەوە، پەڕیوەتەوە بۆ ناو زمانی کوردی.

هاتنی تورکەکان، بۆ عێراق بۆ نۆ سەردەمی جیا دەگەڕێتەوە (دەوڵەت، 1993، 446):

1. سەردەمی یەکەم: یەکەم گروپی تورکەکان لە عێراقدا، لە ساڵی ٦٥٢ی زایینیدا، لە لایەن سەرکردەی ئەمەوییەکانەوە (عوبەیدوڵلا) لە بوخاراوە بۆ بەسرا گوێزرانەوە و لە وێدا نیشتە جێکران. لە پاشان هێنران بۆ سامەرا و بەغداد.
2. سەردەمی دووەم: لە سەردەمی خەلیفە موعتەسم بیللا (٨٣٣-٨٤٢) تورکەکان وەک سەرکردە لە سوپاکاندا بەکارهێنران(بەیاتلی، 1996، 18). لەکاتی گواستنەوەی خەلافەتەکەی لە بەغدادەوە بۆ سامەرا، دیسانەوە بەردەوامییان لە پاراستنی کۆشکی خەلیفەدا هەبوو. هەروەها سوپای هەرە گەورەی وڵات کە لە ئەلعەواسم بون لەدەست ئەواندا بو (چەتین، 2002، 146).
3. سەردەمی سێیەم: لە ساڵی ٩٤٥ی زایینی بوەیهیەکان کە شیعە بوون فەرمانرەواییان گرتە دەست. تورکەکان تا ئەو سەردەمە لە سامەرا، موسڵ، کەرکوک، ئەربیل و تکریت نیشتەجێبوون. ئەو تورکە شیعانەی کە لە ئازەربایجانەوە کۆچیانکرد بۆ ئەو شوێنانە لەگەڵ بووەیهییەکان نێوانیان توند کرد. لە ساڵی ٣٥٠ی کۆچی ٢٠٠،٠٠٠ تورک بە جارێک کۆچیانکرد بۆ بەغدا و موسڵمانبون(ئۆناڵ، 1980، 32ــ41). ئەو خۆشگوزەرانییەی عێراق بووە هۆی ئەوەی ئۆغوزەکان بەرەو ئەو شوێنانە کۆچ بکەن.
4. سەردەمی چوارەم: لە ساڵی ١٠٥٥ی زایینی گروپێک بە ناوی تورکەکانی ئۆغوز هاتن بەرەو عێراق. ئەو تورکانەی کە لە تورکستانەوە کۆچیان دەکرد بەرەو ناوچەی (ماوراءالنهر)، لە پاشان بۆ خۆراسان دەچون. پاش ماوەیێک گەیشتنە ئێران، عێراق، شام و ئەنادۆلو. دەوڵەتی تورکی سەلجوقی تا ١١٥٢ لە عێراق فەرمانرەوایی کرد. لە موسڵ، کەرکوک، ئەربیلی بچوک و شامدا ژیان.
5. سەردەمی پێنجەم: ئەو گروپەی کە لە سوپای هەرزەم شاە مابووەوە لە دەست جەنگیز خان رایان کرد بەرەو عێراق و جەزیرە، ئەمانە لە ناوچەی کفری، دوزخورماتو، داقوق و دەوروبەری قەرەتەپە بڵاوبوونەوە. وا زانراوە کە ئەمانە لە لقی بەیاتی تورکانی دایکی عەلائەددینی عەشیرەتی ئۆیماکن.
6. سەردەمی شەشەم: لەساڵی ١٢٥٨ی زایینی بە هاتنی مەغۆلەکان ئەو تیرانەی ئەمیرەکانی سەلجوقی دایانمەزراندبوو کۆتایی پێ هێنرا و فەرمانڕەوایی مەغۆلیش تا ساڵی ١٣٣٨ی زایینی بەردەوام بوو(هازار، 2007، 360).

7. سەردەمی حەوتەم: تورکەکان لەو کاتانەدا لە ١٥٠٦ی زایینی بە ناوی ئاققۆیونلوو قەرەقۆیونلو لەگەڵ کۆمەڵگای عێراق تێکەڵ بە یەکتر بون و لە ناوچەکانی باکور و باکوری رۆژهەلاتدا نیشتەجێبون.
8. سەردەمی هەشتەم: لە کاتی داگیرکردنی شاری بەغدا، لە ساڵی ١٥٠٨ی زایینیدا، لە لایەن شا ئیسماعیلی سەفەوی ژمارەی دانیشتوانی ئازەربایجانییەکان یەکجار زیادی کرد. سەفەوییەکان لەبەر بونی شوێنی ئایینی زیاتر گرنگییان بە شارەکانی نەجەف و کەربەلا دا. تورکمانەکان لە سوپاکەی شا ئیسماعیلدا بونیان هەبو.
9. سەردەمی نۆیەم: لەسەردەمی مورادی چوارەم عێراق ئازاد کرا. تورکەکان لەنێوان عەجەم و عێراقدا نیشتەجێکران. هەروەها لە ساڵی ١٤٤٧ی زایینەوە نادر شا بووە رێخۆشکەرێک بۆ نیشتەجێبونی تورکەکان لە عێراقدا. شا ئیسماعیل تورکە ئازەرییەکانی لە (١٥٢٤-١٥٠٥) لە عێراقدا نیشتەجێکرد. لە ساڵی ١٥٣٤زاییینیدا عوسمانییەکان فەرمانڕەوایی عێراقیان گرتە دەست و کۆتا شەپۆلی هاتنی تورکەکان بەرەو عێراق لەو سەردەمەدا رویدا.

### 3.2. وشەی تورکی لە زمانی کوردیدا:

جگە لە دراوسێیەتی کورد و تورك، تورکەکان بەگەلێك هۆکاری جیاواز و بۆ ماوەی چەندین سەدە، بەناوی ئیسلامەتییەوە، دەوڵەتی عوسمانیان دامەزراندووە و کوردستانیش بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر فەرمانڕەوایی ئەواندا بووە، بۆیە ژمارەیەك وشە لە زمانی تورکییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی، وەك: (قەرەبالغ/(کۆبونەوە)kala+balık ، یاپراغ/ (گەڵا)yaprak، دۆڵمە/ (پڕکردن-تێکردن)dol+ma، قەرەداغ/ (چیا +رەش)kara+dağ، قوشتەپە/ (گرد+ چۆلەکە)kuş+ tepe،...هتد)، (حاجی مارف،1975، 44).

(بونی وشەی تورکی لەناو زمانی کوردیدا، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حوکمرانی عوسمانییەکان لە کوردستاندا، کە ماوەی (500) ساڵێك حوکمرانیان کردوو وشەکانی وەك (ئۆغز، قوزەلقورت، قەرەباڵغ، قەرەداغ، قەزاتە، یاسا، قشڵە، جندرمە، چوخم، قاتر، ئاغا، نۆکەر، یاپراغ...هتد)، کە لە زمانی کوردیدا، هەن، لە زمانی تورکییەوە هاتوون)(دزەیی، 2021، 29).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەمجۆرە (زمانی تورکی بەشی خۆی کاریگەری لەسەر زمانی کوردی هەبووە، بەو پێیەی زمانی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی دەوڵەتداری بووە. لەکاتی داگیرکردنی دەوڵەتی عوسمانی و دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکەدا، زمانی تورکی بەسەر زمانی کوردی و زمانی ئەو ناوچانەی کە داگیریان کردبوو، زاڵ ببوو، بەهۆی ئەو کاریگەرییەشەوە، چەندین وشەی تورکی هاتە ناو زمانەکەمانەوە، هەندێکیان تا ئێستاش بەکاردێن، هەندێکی دیکەیان، وشە و زاراوەی کوردی جێگەیان گرتۆتەوە، نمونەش بۆ ئەو وشە تورکییانەی کە لە زمانەکەماندا هەیە، وەك: (باجی، قاڵی، قوتی، بارود، بورغو، قەرەداغ، قوشتەپە، قەرەهەنجیر، ئاڵتون کۆپری، قاپی، خاتون، دۆنەم،....هتد)،(عەبدولغەنی، 2019، 125_126).

وشەی (خان)، (لە زەمانی کۆندا، گۆڕانێکی میتافۆری زۆر سەیر، بەسەر ئەم لەقەبە تورکی و مەغۆلییەدا، کە واتای گەورەیی و بەرزیی و خاوەن شکۆیی دەگەیاند، هاتووە، لە سەدەی شەشی زایینیدا وشەی (قاغان) کە لە دوایدا گۆڕا بە (خان)، سەرۆکی دەوڵەتە گەورەکانی ئاسیای ناوەڕاست لە خۆیان دەنا، یەکێك لەوانە سەرۆکی دەوڵەتی خازاری بوو، کە لەقەبی (قاغان) ی لەخۆی نابوو، دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە خێڵە تورکەکان هاتنە سەر ئاینی ئیسلام، ئەمانە کەوتنە سەر بەکارهێنانی (خاقان) کە لە ڕاستیدا بریتی بوو لەشێوە بە عەرەبی کراوەکەی وشەی (قاغان). فەرمانڕەوای قەرەخانییەکان، کە لە سەدەی دەی زایینیدا سامانێکانیان ڕوخاند، بە ڕەسمی لەقەبی (خاقانی گەورە)یان لە خۆیان ناو وشەی (خان) یشیان خستە پاڵ ناوەکانیان، وەك: قەرەخان، بوغزاخان،...هتد. بۆماوەیەکی زۆر لەقەبی (خان) تایبەت بوو تەنیا بە نەوەکانی جەنگیزخان، بۆ نمونە: سەرۆکی خێڵە ئۆزبەکێکان کە بە ڕەچەڵەك خۆیان دەبردەوە سەر جەنگیزخان، لەقەبی (خان) یان بەکاردەهێنا.

پاش دابەشبوونی دەوڵەتی ئۆزبەکی بەسەر چەند فەرمانڕەوایەکی بچوك بچوکدا، بەرە بەرە واتای لەقەبی (خان)یش نوشستی هێنا و بەرەو کزی ڕۆیشت و گۆڕا، تا وای لێهات هەموو سەرۆك خێڵ و تیرەیەکی گەورە و بچووك، کەوتنە بەکارهێنانی لەقەبی (خان) بۆ خۆیان، لە ئۆزبەکێکانەوە سەرۆك خێڵ و تیرەکانی ئێران و ئەفغانستان و هیندستانیش فێربوون، ئەم لەقەبە لەخۆیان بنێن، بەجۆرێك لە ئێراندا وای لێهات، نەك تەنیا فەرمانبەرە گەورەکان، بەڵکو فەرمانبەری بچوك و هەتاوەکو خزمەتکارانیش کەوتنە لەقەبی (خان) لە خۆنان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ئاسیای ناوەڕاستدا گۆڕانێکی تر بەسەر واتا و بەکارهێنانی وشەی (خان) دا هات، ئەویش ئەوەبوو کە خەڵك بەرەبەرە دەستیان کرد بەوەی لەقەبی (خان) لە ژنی خانەکانیش بنێن، بەڵکو وشەی (خان) یان دایە پاڵ ناوی هەموو جۆرە ژنێك.

دەستکردن بە بەکارهێنانی وشەی (خان) لەتەك ناوی ژندا، بوو بەهۆی ئەوەی ئەو وشەیە سنوری بەکارهێنانی یەکجار فراوان بێت.

لەسەرەتاوە لە زمانی کوردیشدا، ئەم لەقەبە تەنیا تایبەت بووە بە پیاو، بەڵام ئەم وشەیە لە سنوری جارانی دەرچووە و فراوانتربووە، خەڵکی بۆ ڕێزلێنان خستوویانە پاڵ ناوی هەموو ژنێك)،(سدیق، 2015، 15_16).

ـ هەندێك وشە، لە زمانێکی دیکەوە، کەوتونەتە ناو زمانی تورکییەوە، دواتر لە زمانی تورکیشەوە کەوتونەتە ناو زمانی کوردییەوە، بۆنمونە: وشەی (ئەفەندی) (ئەم لەقەبە واتای (سەید)ی عەرەبی دەگەیەنێت، لە سەدەی یانزەدا لە ئاسیای ناوەڕاستەوە لەشکری تورك بەرەو خوارو و ڕۆژئاوا هێنا و فەرماندە و سەرکردە سەلجوقییەکانیان ڕزگارکرد. لەبەرئەوە لە مێژودا ئەو خێڵە شەرکەرانە بە تورکە سەلجوقییەکان ناویان دەرکردووە.

ئەم سەلجوقییانە، لە ئێراندا دەوڵەتێکی زۆر بەهێزیان دامەزراند و لە ئاسیای بچوکدا، هێرشیان هێنایە سەر سامان و موڵك وماڵی بێزەنتێکان، لەوێ چەند دەوڵەتێکی بچوکیان پێکەوە ناو لەقەبی (سوڵتان)یان لە سەرۆکی ئەو دەوڵەتانە نا.

شارستانیەتی بەرز و مەزنی بێزەنتییەکان، کارێکی گەورەی کردە سەر تورك و زمانەکەیان بە وشەی نوێ گەشەی سەند و دەوڵەمەندبوو، یەکێك لەو وشە نوێیانە، وشەی بیزەنتی (ئائوفێسنتیس aufentis ) بوو کە واتای (پاشا، سوڵتان، حوکمڕان)ی دەگەیاند. ئەم وشەیە لە زمانی تورکیدا شێوەکەی بوو بە (ئێفێندی effendi) و بەجۆرێك لەناو خەڵکیدا بڵاوبۆوە کە کەم ناو هەبوو نەخرێتە سەری، تەنیا نەدەخرایە سەرناوی ئەو تورکانەی کە لەقەبی بەرزی وەك پاشایان لێنرابوو، وشەی (ئەفەنی، یا ئەفەندی) سەردەمی عوسمانییەکان، هاتۆتە ناو زمانی کوردیشەوە، تا ساڵانی (1960)یش، بەشێوەیەکی بەربڵاو وەك لەقەب بۆ فەرمانبەران و مامۆستایان بەکاردەهێنرا، بەڵام لەدوای ساڵانی شەست، بەرەبەرە بەکارهێنانی ڕووی لە کزی کرد، لەقەبی دیکەی وەك مامۆستا برەوی پەیداکرد.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم لەقەبە تەنیا چۆتە سەر ناوی تایبەتی پیاو، وەك: عەلیەفەنی، بەشیرە فەنی، عەبدوڵلافەنی...هتد)(سدیق، 2015، 25ـــ 26).

(هەروەها وشەی (قوتابی)، کە لەزمانی تورکییەوە پەڕیوەتە ناو زمانی کوردییەوە، سەرەتا لە وشەی (کتتابی) زمانی عەرەبییەوە هاتووە، کە کەوتۆتە ناو زمانی تورکییەوە، دواتر، لە زمانی تورکیدا، دەنگی (ك) گۆڕاوە بۆ دەنگی (ق) و ئینجا هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە)،(البصیر: 1979، 53). بەمجۆرە، بۆمان دەردەکەوێت، کە زمانی کوردی بە چەند شێوازێك وشەی لە زمانی تورکییەوە وەرگرتووە، وەك: وەرگرتنی ڕاستەوخۆی وشەکە لە زمانی تورکییەوە، یان وشەکە، لە زمانێکی دیکەوە چۆتە ناو زمانی تورکییەوە، ئینجا هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە.

وەرگرتنی وشە زۆر هۆکاری هەیە، وەك ئەوەی لەلایەن نەتەوەی باڵا دەستدا بسەپێندرێت، یان زمانی وڵاتانی پێشکەوتو لە بواری زانست و تەکنۆلۆجیا و داهێناندا وشە و زاراوە دەسەپێنێتە سەر زمانی نەتەوەکانی دیکە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا بەهۆی زیادبوونی پەیوەندی نێوان گەلان و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ئاسانبونی هاتوچۆ، وەرگرتن لەنێوان ئەو گەلانەشدا کە تاڕادەیەك لە ڕوی دەسەڵاتی ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە یەکسان و هاوشێوەن، ڕودەدات.

- وەرگرتنی وشە لە زمانی تورکییەوە بۆ ناو زمانی کوردی، بە بۆچونی ئێمە پتر پەیوەستە بە هۆکاری ڕامیاری و دراوسێیەتی ئەم دو نەتەوەیە (هەڵکەوتەی زمانی کوردی لەنێوان هەر سێ نەتەوەی (عەرەبی، فارسی، تورکی)دا بۆتە هۆی وەرگرتن و هاتنە ناوەوەی زاراوە لە زمانی ئەو نەتەوانەوە، زمانی کوردی وەك دراوسێیەکی ئەو سێ زمانە، کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو سێ زمانەوە، جا بەهۆی هۆکاری (ڕامیاری، ئایینی، کۆمەڵایەتی...هتد)، یان هەر هۆکارێکی تر بێت، هەر یەك لەو زمانانەش، ڕادە و کاریگەریان لەسەر زمانی کوردی جیاوازە، کەواتە لەیەك نزیکی شوێنی جوگرافی نێوان دوو زمان وا دەکات، کە کۆمەڵێك وشە و زاراوە بێتە ناو زمانە دراوسێکانەوە و ئاڵوگۆڕ ببێت)،(عەبدولغەنی، 2019، 109). هەروەها هەبوونی ژمارەیەك تورکمان لە هەولێر و کەرکوك و موسڵ و چەند ناوچەیەکی تری کوردستان، وەك کەمینەی نەتەوایەتی، هۆکارێکی تری ئاوێتەبوونی زمانی کوردی و تورکییە و لەبەرئەوەی دیاردەی ئاوێتەبونی زمان، زیاتر لەو شوێنانە بە دیاردەکەوێت کە چەند میللەتێك بەیەکەوە دەژین، کە زۆرجار ئەوانەی کەمینەی نەتەوایەتین لە شارەکە بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەن ئەو دیاردەیە بەسەریاندا ڕودەدات، ئاوێتەبونی دوو زمان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەهەر هۆکارێك بێت و لە هەر ئاستێکدا بێت و ئەنجامەکەی هەر چۆنێك بی، ئەم دوو زمانە دەکەونە ژێر کاریگەری یەکتری. هیچ زمانێك نییە، کاریگەری زمانی تری لەسەر نەبێت و لە توانای هیچ کەسێکیشدا نییە، ڕێگری لە ئاوێتەبونی زمانەکان بکات و بیوەستێنێ. ڕێژەی ئاوێتەبونی دوو زمانیش پەیوەستە بە ڕادەی تێکەڵبونی ئاخێوەرانی ئەم دوو زمانە. بۆ نمونە هەموومان هەست بەو تێکەڵاوبونە دەکەین، کە لەنێوان زمانەکانی تورکی و کوردیدا هەیە، پلەی ئەم ئاوێتەبونەش بەرزتر دەبێت، ئەگەر هاتو دوو میللەت لە یەك ناوچەدا بژین، یان لە دوو ناوچەی دراوسێدا بژین. (صلیوە، شوکر، 2018، 8).

لێرەدا، ژمارەیەك لەو وشانە دەخەینەڕو، کە لە زمانی تورکییەوە، کەوتونەتە ناو زمانی کوردی:

1. ناوی کەلوپەلی گەرماو:

| ژ | وشە | بە تورکی | شیکردنەوەی وشە |
|---|---|---|---|
| 1. | تاس | Tas | Tas |
| 2. | خاولی | Havlu | Hav+lIg>lu |
| 3. | بوخچە | Bohça | Boh +ça |

2. ناوی کەلوپەلی چێشتخانە:

| ژ | وشە | بە تورکی | شیکردنەوەی وشە |
|---|---|---|---|
| 1. | قابلەمە | kaplama | Kap+ la- + ma |
| 2. | قازان | kazan | Kaz+ gan>an |
| 3. | پەرداخ | Bardak | Bart+ ak |
| 4. | قاپوقاجاخ | kapkacak | Kap+kaça>kap+kacak/ kapkagag |

3. ناوی کەلوپەلی ناوماڵ:

| ژ | وشە | بە تورکی | شیکردنەوەی وشە |
|---|---|---|---|
| 1. | بێشکە | Beşik | Beşuk |
| 2. | دۆشەک | Döşek | Töş+ ek |
| 3. | میندەر/نیمدەر | Minder | Mün+ de+r |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| 4. | یاتاخ | Yatak | Ya+ t+ ak |
| 5. | قاپی | Kapı | Kapag> kapug> kapı |
| 6. | عەسقی | Askı | As+ kı |
| 7. | چەکمەجە | Çekmece | Çek+ me+ ce |
| 8. | چەخماخ | Çakmak | Çak+ mak |
| 9. | قەپاخ | Kapak | Kapgak>kapıg>kapag>kapak |

4. ناوی کەلوپەلی ئۆتۆمبێل:

| ژ | وشە | بە تورکی | شیکردنەوەی وشە |
|---|---|---|---|
| 1. | چامرلخ/چاملخ | Çamurluk | Çamur+ luk |
| 2. | دیشلی | Dişli | Diş+ li |
| 3. | قولاخ | Kulak | Kul+ gak/kak>kulak |
| 4. | گێچمە | Geçme | Geç+ me |
| 5. | دوگمە | Düğme | Tüg+ me |

5. ناوی کەلوپەل و ئامێر:

| ژ | وشە | بە تورکی | شیکردنەوەی وشە |
|---|---|---|---|
| 1. | قادرمە/قالدرمە | Kaldırım/ Merdiven | Kal+ dır+ ma |
| 2. | قازمە | Kazma | Kaz+ ma |
| 3. | قلینج | Kılıç | Kıl+ ıç/ ılıç |
| 4. | قەمە | Kama | Kama |
| 5. | چەکوچ | Çekiç | Çek+üç/iç |
| 6. | سارغی | Sargı | Sar+ gı |
| 7. | کەرپوچ | Kerpiç | Karpiç> kerpiç |
| 8. | بەرد و تاش | Taş | Taş |
| 9. | داشی دامە | Taş | Taş |
| 10. | چاڵە سەعات | Çalma | Çal+ma |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6. ناو و ئاوەڵناوی جۆراوجۆر:

| ژ | وشە | بە تورکی | شیکردنەوەی وشە |
|---|---|---|---|
| 1. | ئاچوخ | Açık | Aç+ ık |
| 2. | ئاینو ئۆین | Ayın oyun | Ayın/ Oyug> Oyun |
| 3. | ئۆغر | Uğur | Oğur> uğur |
| 4. | ئەڵڵا قۆیسن | Allah koysun | Koy+sun |
| 5. | تۆخ | Tok | To+k> Tok |
| 6. | تۆقات | Tokat | Tokı> Tokat |
| 7. | باجی | Bacı | Bacı |
| 8. | بچوک | Küçük | Kiçi+g> kiçuk>Küçük |
| 9. | پۆخلەوات | Bok | Bok+ لەوات |
| 10. | ساخڵەم | Sağlam | Sağ+la+m |
| 11. | سوچ | Suç | Suy>Suç |
| 12. | سۆراخ | Sormak | Sor+mak |
| 13. | شاخ و داخ | Dağ | Tag>Dağ |
| 14. | قۆتر | Katır | Kat+ır> Katır |
| 15. | قەپات | kapat | Kap+a+t |
| 16. | قەرەبالخ | Kalabalık | Kala+ba+lık |
| 17. | کۆچ | Göç | Köç>göç |
| 18. | گۆل | Göl | Kö+l= köl>göl |
| 19. | هێواش | Yavaş | Yava/yaba+ş/ yavaş |
| 20. | قوتدان | Yutmak | Ut+mak> yut+mak |
| 21. | گەرەک | Gerek | Kargak/karak>Kerge+k/ kerek>gerek |
| 22. | دەوار | Davar | Tav+ar/tavar/tabar>davar |
| 23. | شاش و بێش | Şaş / Beş | Saş>şaş/ Beş |
| 24. | قاتوقوری | Kıtlık kuruluk | Kız+lık>kıt+lık<br>Kur+gak>kur+uk>kur+ıg>kuruk>Kuru/kuru+luk |

7. ناوی جلوبەرگ:

| ژ | وشە | بە تورکی | شیکردنەوەی وشە |
|---|---|---|---|
| 1. | ستیان | Sütyen | Süt+ ye+n |
| 2. | سخمە | Sıkma | Sı+k>sık+ma |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Kop+ça | Kopça | قۆپچە | 3. |
| Çek+me>çiz+me | Çizme | جزمە | 4. |

8. ناوی ئەندامی لاشە:

| شیکردنەوەی وشە | بە تورکی | وشە | ژ |
|---|---|---|---|
| Biç+ im | Biçim | بچیم | 1. |
| Koç<br>Kul+ gak/kak>kulak | Koç kulak | قۆچ قولاغ | 2. |
| Tam+ ga+ k>Tamak | Tamak | دەماغ | 3. |
| Kaburga | Kaburga | قاپرخە | 4. |

9. ناوی کەلوپەلی جوانکاری:

| شیکردنەوەی وشە | بە تورکی | وشە | ژ |
|---|---|---|---|
| yinçü>yincu>inci | İnci | ئینجی | 1. |
| Boy+un bağ+ı | Boyunbağı | بۆینباخ | 2. |
| Kaş | Kaş | قاش | 3. |

10. ناوی خواردەمەنی:

| شیکردنەوەی وشە | بە تورکی | وشە | ژ |
|---|---|---|---|
| Yap+ırgak/<br>Yapırgak/yapırkak><br>yapırgan/yapurak>yaprak | Yaprak | یاپراخ | 1. |
| Bas+tır+ma | Pastırma | باسترمە | 2. |
| Bu+y> bu+z >buz | Buz | بوز | 3. |
| To+l > Dol+ma | Dolma | دۆلمە | 4. |
| Tiş> diş+le+me | Dişleme | دیشلەمە | 5. |
| Ton> don+dur+ma | Dondurma | دۆدرمە/دۆلدرمە/دۆندرمە | 6. |
| Tik> dik+me | Dikme | تیچمە | 7. |
| Kagur+mak> kavur+mak | Kavurma | قاورمە | 8. |
| Yiglak/ çiğlek/ çiğelek> Çilek | Çilek | شیلیک | 9. |

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| .10 | کەپەک | Kepek | Kebek> kepek |
| .11 | لیمۆن دوزی / لیمۆندزی | Tuz | Tuz |
| .12 | قزل مامەس | Kızıl | Kız+ıl |
| .13 | قەرەخەرمان | Kara | Kara |

.11 ناوی شوێن:

| ژ | وشە | بە تورکی | شیکردنەوەی وشە |
|---|---|---|---|
| .1 | ئاخچەلەر | Akçeler | Akça+ler |
| .2 | ئیلینجاغ | Ilıncak /ılıgca/ ılıcak, ilginç dağ | Ilıg- yılıg/ ılıgcak |
| .3 | کۆیسەنجاق | Köysancak | Köy+ sancak |
| .4 | قزلو | Kızlı | Kız+ lu |
| .5 | قۆجەلەر | Kocalar | Koca+lar |
| .6 | گۆپتەپە | Göptepe | Göp+ tepe |
| .7 | مام قلینج | Kılıç | Kıl+ ıç |
| .8 | قزقاپان | kız kapan | Kız+ kap+ an |
| .9 | قوشتەپە | Kuştepe | Kuş+ tepe |
| .10 | قورشاغلو | Kurşaklu | Kurşak+ lu |
| .11 | یێدیقزلەر | yedi kızlar | Yedi+ kız+ lar |
| .12 | ئەشکەوت سەقا | Saka | Saka |
| .13 | توتمە | tütme/tutma | Tüt+ ma |
| .14 | گۆکتەپە | Göktepe | Gök+ tepe |
| .15 | تاسلوجە | Taşlıca | Taş+ lı+ ca |
| .16 | دۆغان | Doğan | Doğ+ an |
| .17 | دەراش | Daraş | Dar+ aş |
| .18 | ئانگۆز | Engöz | En+ göz |
| .19 | گردی قارنجەغە | karnca/ karıncağa | Kur+ ın+ça> karınçak>karınca |
| .20 | باشماغ | Başmak | Bas+ mak→başmak |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجامەکان:

## لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا، گەییشتینە ئەم ئەنجامانە:

1 ـ زمانی کوردی و تورکی، بە گەلێك هۆکاری جۆراو جۆر بەریەککەوتنیان هەبووە، زمانی تورکی سودی لە زمانی کوردی وەرگرتووە و وشەی لێوە قەرزکردووە، بەهەمان شێوەش، زمانی کوردی وشەی لە زمانی تورکییەوە وەرگرتووە، کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا، تەنیا ئاماژەمان، بەو وشانە داوە، کە لە زمانی تورکییەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردی.

2 ـ هەروەها، زمانی کوردی بە زۆر شێواز و ڕێگای جۆراو جۆر، وشەی لە زمانی تورکییەوە وەرگرتووە، بەشێك لە وشەکان، وەك خۆیان وەرگیراون. لە ڕوی دەنگسازی و وشەسازییەوە گۆڕانێکی ئەوتۆیان بەسەردانەهاتووە، وەك: وشەکانی (قەرەباڵغ، یاپراغ، تاس...هتد)، بەشێکی تریان، لە زمانێکی ترەوە چونەتە ناو زمانی تورکییەوە، ئینجا لە زمانی تورکییەوە کەوتونەتە ناو زمانی کوردییەوە، وەك: وشەی (ئەفەندی)، هەندێکجاریش، وشەی قەرە لەگەڵ وشەیەکی تری کوردی یەکیان گرتووە و ناوێکی لێکدراویان دروستکردووە، کە بەشی یەکەمی تورکییە و بەشی دووەمی کوردییە، وەك: ( قەرە + خەرمان، قەرە + هەنجیر، قەرە + ناو)، بەشێکی دیکە، کە (قەرە)ی لەگەڵە، تورکییە، وەك: (قەرەتەپە، قەرەچەتان، قەرەچۆغ).

3 ـ لە زمانی کوردیدا، ژمارەیەکی زۆر، ناوی شوێن هەیە، کە تورکین، ئەمەش دەگەڕێتەوە، بۆ هۆکاری ڕامیاری و دەسەڵاتی ئەوسای تورکەکان، کە کوردستانیان داگیرکردووە .

4 ـ هەندێك وشە، بەمەبەستی جوێندان، یان تەوس و یارییەوە کەوتونەتە ناو زمانی کوردییەوە، وەك

( قورمساغ(kurumsağ)، ئاڵدم باڵدم(aldım baldım)...هتد)، هەروەها وشەی بواری جۆراوجۆریش، وەك: (ئاڵووێر(alıver)، ئارا (ara)... هتد).

## لیستی سەرچاوەکان:

ئەکار، علی (2016)، مێژوی زمانی تورکی ، چاپخانەی ئۆتوکەن، ئەستەنبول.

ئونال، ئۆغوز (١٩٨٠). دەستپێک بۆ مێژووی تورکیا، لە خۆراسانەوە بۆ ئەنادۆل. چاپخانەی تۆرەی دەوڵەت، ئەنقەرە.
بەیاتلی، هیدایەت کمال(1996 )، زمانی تورکمانی عێراق، چاپخانەی ڕێکخراوی زمانی تورکی ئەنقەرە.
البصیر، کامل حەسن(1979)، زاراوەی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
تاهیر، فوئاد (2018)، هۆشیاریی زمانەوانی، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
تۆفیق، قەیس کاکل (2020)، زمان و ئاین، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماد، هەولێر.
چەتین، ئالتان (2002)، مێژووی تورکمانەکانی عێراق، گۆڤاری چاپخانەی ئوکو ئەنۆنیم شیرکەت، ژمارە 9.
حاجی مارف، ئەورەحمان (1975)، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
حەمە خورشید، فوئاد (1985 )، زمانی کوردی دابەشبونی جوگرافیای دیالێکتەکانی، چاپخانەی افاق عربیة، بەغداد.
دزەیی، عەبدولواحید موشیر (2011 ) لێکسیکۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.
دی سوسێر، فردیناند (1988 )، علم اللغة العام، ترجمة یوئیل یوسف عزیز، الموصل.
سدیق، فاروق عومەر (2011)، لەدایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
سدیق، فاروق عومەر(2020)، قەرزی وشە، یەکەم چاپ، چوارچرا.
سدیق، فاروق عومەر(2015 )، ڕەچەڵەکی وشە و پەلهاویشتنی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
شێخ تەیب، شەهاب(2021 )، فەرهەنگسازی، چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم، هەولێر.
صابر، محمود، پخشان محمد، روژگار محمد (2018 )، بررسی وام گیری کلمات از زبان فارسی در اشعار دلدار،چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
عەزیز، حوسێن محەمەد (2005 )، سەلیقەی زمانەوانیی وگرفتەکانی زمانی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
عەبدوڵڵا، ڕۆژان نوری(2007)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازیی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
عەلی، تالیب حوسێن (2001 )، چەند تێبینییەك دەربارەی فەرهەنگی کوردی، نوسەری نوێ (19).
عوسمان، علی حمد(2016 )، ئاستەکانی زمان لە فەرهەنگی کوردیدا (فەرهەنگی یەك زمانیی زاری کرمانجی ناوەڕاست وەك نموونە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران، هەولێر.

عیسی و صابر، هاوژین صلیوە، شادان شکر،ئاوێتەبوونی زمانی کوردی و زمانی سریانی لە شاری کۆیە (شیعر بە نموونە)، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، چاپی یەکەم، 2018 ).
غربال، محمد شفيق (1980). الموسوعة العربية الميسرة، الجزء 2، دارالنهظة، لبنان.
فەتاح، محەمەد مەعروف (1990)، زمانەوانی، چاپخانەی (دار الحكمة)، بەغدا.
محمد، هازار (2007 )، تورکی و دوێنێی تورکمانەکانی عێراق، بڵاوکراوەی گۆڤاری تورکیش ستەدی.
نادر دەوڵەت(١٩٩٣). مێژووی گەورەی ئیسلام لەدروستبوونیەوە تاکو ئەمرۆ. چاپخانەی چاخ، بەرگی زیادە، ئەستەنبول،
بەزمانی عەرەبی:
الخولى، محمد على(1986 )، معجم علم اللغة التطبيقى، الطبعة الاولى، مكتبة لبنان.

# Loan Words from Turkish into Kurdish

**Rozhan Noori Abdullah**
Department of Kurdish Language, College of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq
rozhan.noori@koyauniversity.org

**Firas Tahsin Sabir**
Department of Administration and Accounting, College of Humanity and Social, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq
firas.tahsin@koyauniversity.org

***Keywords:*** Language, Word, Dictionary, Receive the word, and Turkish words.

## Abstract

This study entitled "Loan words from Turkish into Kurdish" is an attempt to clarify and reveal a number of words which are in Kurdish and whose origin goes back to Turkish. The researchers try to answer these research questions. How and in which way has the Kurdish language benefited from those words, have the words been taken as they are, or have they been changed in terms of their phonemes, morphemes and meaning? What are the reasons that made Kurdish language loan Turkish words and use them in its dictionary? Based on the fact that the Kurdish and Turkish languages are not from the same group and family and there is no relationship between them,

but some other reasons such as neighborhood, political, economic, social, scientific, etc., resulted in the interaction between those two languages and have loaned words from one another, that the researchers are willing to shed light only on those words that have been placed into Kurdish language from Turkish. The researchers have tried to clarify their foundations and explain their morphology, to learn more about our dictionary so as to distinguish pure Kurdish words from those of borrowed in other dialects of the world. The recent study composes of an introduction, three parts, conclusions and the list of references. The first part is allocated to the definition, the concept of language, characteristics of language, Indo-European languages and the family of the Indo-Iranian Languages. In the second part, the definition of words, methods of taking words and reasons for borrowing words has been presented. The third part deals with the practical side of taking the Turkish words from Kurdish language have been revealed. At first, a brief history has presented to Turkmen in Iraq, then; the reasons behind borrowing words from Turkish into Kurdish, and finally the results and the list of sources have presented.

## انتقال المفردات من اللغة التركية الى اللغة الكوردية

**ملخص**

هذا البحث الموسوم ب(انتقال المفردات من اللغة التركية الى اللغة الكوردية) محاولة لبيان بعض المفردات الكوردية التي تعود أصولها الى اللغة التركية، ونحاول فيه الاجابة عن الأسئلة الآتية: كيفية دخول هذه المفردات الى اللغة الكوردية، وهل طرأ في الجانب الصوتى أو الصرفي أو الدلالي أثناء الانتقال الى اللغة الكوردية؟ وماهي الأسباب وراء حاجة اللغة الكوردية للاستعانة بمفردات اللغة التركية ؟ واستعمالها في اللغة الكوردية.في حين أن اللغتين لا تربطهما أية قرابة في الأصول والمجموعات اللغوية، بيد أن الباحث أحس بوجود أسباب أخرى مثل: الموقع الجغرافي المتآخم للغتين، ناهيك عن الأسباب السياسية والاقتصادية والاجتماعية والعلمية....الخ.هذه الأسباب بمجموعها أدت الى وجود أواصر متينة تجعل اللغتين تستعيران المفردات من بعضهما بعض.وحاولنا أن نصلت الضوء على الكلمات التركية في اللغة الكوردية وليس العكس، وكذلك حاول الباحث بيان أصول هذه الكلمات وتحليل التشكيلة الصرفية وأبنيتها بهدف الاطلاع على القاموس الكوردى اللغوى، ونمييز بين المفردات الكوردية الأصلية والمستعارة من اللغة التركية وغيرها من اللغات.
البحث يتضمن على مقدمة وثلاثة فصول وخاتمة وقائمة بالمصادر والمراجع.الفصل الأول خصص للحديث عن تعريف مصطلح اللغة وخصائصها والحديث عن كلتا العائلتين الهندواوروبية والهندوايرانية، وتناولنا في الفصل الثانى تعريف المفردة وأسباب أخذ المفردات وأساليبه.في حين خصصنا الفصل الثالث للجانب التطبيقي حيث

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عملية انتقال المفردات التركية الى اللغة الكوردية، في البدء تحدثنا عن تاريخ التركمان في العراق ثم الحديث عن أسباب أخذ المفردات التركية من قبل اللغة الكوردية، ومن ثم قائمة المصادر والمراجع.

الكلمة الرئيسية: لغة، كلمة، قاموس، تلقى الكلمة، كلماة تركية.